پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی کرد لەسەر قەبرێک پاش ئەوەی لە گۆڕ دانرا، چوار جار تەکبیرەی کرد

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نوێژی کرد لە سەر قەبرێک پاش ئەوەی لە گۆڕ دانرا، چوار جار تەکبیرەی کرد*». *(چوار جار تەکبیرەی کرد: واتا بە تەکبیرەی یەکەمەوە چوار تەکبیرەی کرد -چوار جار ووتی: الله أكبر-، هەروەکو نوێژی جەنازە)
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خوڵقێنراوە لەسەر ڕەوشتە جوانەکان وەکو ڕەحمەت وڕەئفەت وبەزەیی، بۆیە کاتێک هەر هاوەڵێکی دیار نەبوایە پرسیاری سەبارەت حاڵی دەکرد. پرسیاری کرد سەبارەت بە خاوەنی گۆڕێک لە گۆڕەکان، ئەوانیش ووتیان فلّانە کۆچی دوایی کردووە، بۆیە پێی خۆش بوو کە نوێژی لەسەر بکات، چونکە نوێژ کردنەکەی ئارامی وسەکینەت دەهێنێت بۆ مردووەکە، ونور وڕۆشناییە بۆ مردوو چونکە تاریکی ناو گۆڕەکەی لەسەر لادەبات، نوێژی لەسەر قەبرەکە کرد هەروەکو نوێژ کردن لەسەر مردوویەک کە جەنازەکەی ئامادە بێت. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی نوێژ کردن لەسەر مردووەکە لەسەر گۆڕەکە ڕانەوەستا بەڵکو نوێژی کرد لە تەنیشتی (لە بەرامبەری) هەروەکو نوێژ مردوو لەسەر جەنازەی ئامادەبوو.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5210